## لەم ژمارەیەدا ئەمانە  بخوێنەوە:

- تاکە وەزارەتە را پۆرتی دوو مانگەی کارەکانی دەخاتە روو ...
- میکانیزمێکی نوێ بۆ کارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ ...
- دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

لە هەر دوو مانگی تەمووز و ئاب ...

- بەشی بەندیخانەکان
- بەشی ئافرەت و منداڵ
- بەشی سکاڵا
- بەشی رێکخراوەکان

# تاکە وەزارەتە

# راپۆرتی دوو مانگەی کارەکانی دەخاتە روو....

جگە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ نەبێ هیچ وەزارەتێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو مانگ جارێك راپۆرتی چالاکی و ئیشوکارەکانی ئامادە ناکات و نایخاتە بەردیدی پەرلەمان و حکومەت و میدیاکان و رێکخراوەکان و بە جورئەتەوەش هەموو ئەو دیاردانە دەخاتە روو کە لە بواری پێشێلکارییەکانی ناو بەندیخانەکان و سکالاکانی هاوولاتیان و ئەو کێشە و گرفتانەی کە پەیوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەیە و لەم رووەوەش زۆرجار راپرسی لەسەر کێشە هەنوکییەکانی شەقامی کوردستان دەکات و رای هاوولاتیانی لەمەڕ وەر دەگیرێ و لە ئەنجامەکەشیدا بە دواداچوون و لێپێچینەوە دەکرێ بە مەبەستی گەیشتن بە کاکڵی دروستبوونی ... ئەمانەش زیاتر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ئەم وەزارەتە وەك وەزارەتێکی حکومەت دەتوانێ بچێتە ناو هەموو بنج و بنەوانەکان و سەربەستانە و بە بێ هیچ سانسورێك پێشێلکارییەکانی حکومەت بخاتە روو بە نیازی بنیاتنانەوەی و بنبڕکردنی هەر ئەم نزیکییەشی وایکردوە کە ئەم کارانە بگرێتە ئەستۆ و رۆژێ لە رۆژان خۆی وا حسێب نەکا کە دامەزراوە بۆ پشتگیری لە پێشێلکارییەکانی حکومەت و شاردنەوەیی و بەرگری لێکردنی کە خەڵکانێك هەن لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان دەینوسن کە نابێ وەزارەتی مافی مرۆڤ سەر بە حکومەت بێت، ئێمە پێمانوایە حاڵی حازر و لەسەردەمی ئەمڕۆی تاقیکردنەوەکانی گەلەکەمان لە حوکمکردن کە رەوشی مافی مرۆڤ تا سنورێك نامۆیە لەم کۆمەڵگایەدا بە حوکمی ئەوەی بە درێژایی دەیان ساڵ رژێمی پێشوو نەك بیری لە دانانی رێکخراوێکی مافی مرۆڤیشی نەکردۆتەوە، بەڵکو بە بەردەوامی و بە ئاشکرا پێشێلکاری دەرهەق بە هەموو بونەوەرەکانی ئەم گەلە کردوە، بۆیە کەئەم وەزارەتە یەکێك دەبێت لە هەیکلی دروستبوونی ئەم حکومەتە دەبێ هەموومان ئەوە فێر بین کە بە پێیبەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ مافی تاك پارێزراو بێت و لە هەمان کاتیشدا تاکەکەش ئەو هۆشیارییە بداتە خۆی کە جۆرێك لە ئاشنا کردن لەگەڵ رەوشی مافی مرۆڤ پەیدا بکات و فێری ئەوەش بین بە سیستەمێکی دروست رەخنەی (بەجێ) لە حکومەت بگرین، دیارە ئەمەش وادەکات ئەم وەزارەتە لە حکومەت هەبێت و رەنگە دوای بڕینی هەندێ هەنگاوی زانستانە لەم بوارەدا حکومەت پێویستی بەم وەزارەتە نەمێنێ و دامەزراوەیەکی لەم جۆرە بابەتە شوێنی بگرێتەوە و هەموو لایەکیش گوێی لێبگرن وەك (رێکخراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤی جیهانی) کە لە هەموو دونیادا سەنگە و بەهای خۆی هەیە و وڵاتان بە ووردیش دەڕوانن راپۆرتەکانیان... ئێمەش دەڕوانینە ئەو ساتە وەختە کە دامەزراوێکی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا هەبێت و مامەڵەیەکی جیدیانەی لەگەڵدا بکرێ... ئەوەی تا ئێستاش لەم وەزارەتە کراوە لە ماوەی دروستبوونی کە ناگاتە دووساڵ بە شانازییەوە دەیڵێین زیاتری کاری مرۆیی بوە و ئەجێندای خۆی تا رادەیەکی باش گەیاندووە، بەڵام خاڵیش نیە لە هەندێ کەموکورتی، دیارە ئەمەش لە هەموو دونیادا و لە هەموو کاروکردەوەیەك ئەم سستەمە دەبینرێ.

بەهەر حاڵ لەم کابینەیە ئەم وەزارەتە دروستبوو و کاری خۆشی بە دڵنیاییەوە کردوە و بە پێی بەرنامە و بڕوای سەرۆکایەتی حکومەتیش جارێ ئەم وەزارەتە هەبوونی زەروورییەتە بۆ ئەمڕۆی کوردستان، چونکە هێشتا ماومانە بە تەواوی ئەم پەیامە پیرۆزە بگەیەنرێتە هەموو لایەك بە تایبەت لە لادێکانی کوردستان کە لە لە بەرین لە ئایندەیەکی نزیك بە هاریکاریکردنی نێوان وەزارەت و قونسولیەی بەریتانی بەشێك لەم پەیامە لە دووتۆی پرۆژەیەك بگەینینە لادێکان و وەك هەنگاوی یەکەم بەم خەڵکانە بڵێین هەموو کەس مافی هەیە لە چوارچێوەی یاسادا.

# میكانیزمێكی نوێ بۆ كارەكانی

# وەزارەتی مافی مرۆڤ و ((UN))000

نیوەڕۆی رۆژی 2007/7/1 لەنوسینگەی تایبەتی خۆی بەڕێز د0شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێكی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كرد كە پێكهاتبوون لەبەڕێزان مارك روتجرز رێكخەری (un) لە كوردستان و بوشرا جەمیل و زافر حوسەینی و زەیتۆ سیان بەرپرسانی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە رێكخراوی یونامی0

لەم دیدارەدا هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كە پەیوەندییەكان سەرلەنوێ لەسەر بناغەیەكی نوێ دەستپێبكەنەوە بۆ ئەوەی لەكارەكانیان زیاتر سەركەوتن بەدەستبهێنن0

لەتەوەرێكی دیكەی ئەم دیدارەدا باس لەرەوشی رەشەكوژی ژنان كراو لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا كە ئەمڕۆ لە كوردستاندا ئەم مەسەلەیە بۆتە جێی بایەخپێدانی گفتوگۆكان لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ نوسراوێكی رەسمی ئاراستەی حكومەت كرد سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بەشێوەیەكی خێرایی بڕیاری كۆبوونەوەیەكی داو لایەنە پەیوەندیدارەكان ئامادەی بوون و دوای گفتوگۆیەكی تێروتەسەل بڕیاردرا لێژنەیەكی بەدواداچوون دابنرێ و ئەمەبوو ئەم لێژنەیە یەكەم كۆبوونەوەی خۆی كردو میكانیزمی كاركردنی خۆی داناو لەئایندەدا بەووردی بەدواداچوونی بۆ دەكرێ0

بۆ مەسەلەی بەندیخانەكانیش لێپرسراوانی (un) باسیان لە كۆمەڵە شتێك كرد كە پەیوەندیدار بوون بە رەوشی بەندیخانەكان لەبەرامبەریشدا وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدی میوانی روونكردەوە كە لەم دواییانەدا سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەبڕیاری ژمارە (4) لێبوردنی گشتی دەركردو ژمارەیەك زیندانی ئازادكرا كە ئەمەشیان هەنگاوێكی چاكسازی بوو و لەهەمان كاتیشداگوێگرتن بوو لە راسپاردەكانی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ لەمەڕ ژیان و گوزەران و گەڕانەوەی زیندانیان بۆ ناوكۆمەڵ و سوود وەرگرتنیان لەم لێبوردنە كە رەنگە ببێتە هۆكارێك بۆ چاكسازی زۆربەیان و نەگەڕانەوەیان بۆ سەرتاوانەكانی پێشوویان000

هەروەها ئەوەشی دووپاتكردەوە كەبەشی بەندیخانەكان لە دیوانی وەزارەت بەبەردەوامی سەردانی بەندیخانەكان دەكات و هەردوو مانگ جارێك راپۆرتی خۆی دەنووسێ بەمەبەستی لێپێچینەوە و بەدواداچوونیدا000

وەفدی میوانیش جارێكی دیكە هاریكاری خۆیان راگەیاند بۆ بەشداریكردن لەپرۆسەی بنبڕكردنی ئەم دیاردە ناشارستانیە0

# ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ
# بەدواداچوون لەسەر را پۆرتی ساڵانەی
# خۆی دەکات

بۆ بەدواداچوونی راپۆرتی ساڵانەی خۆیان و چۆنیەتی گۆڕانکارییەکان لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان وەفدێکی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە پێکهاتبوو لە خاتوو سارە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و مایك ئیزنەر راوێژکاری رێکخراوەکە و ندیم حوری توێژەرەوە لەبواری مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان-یان کردو لەلایەن د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازیان لێوەکرا0

لەسەرەتادا بەپێی دیکۆمێنت و راپۆرتەکان وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لەو کارانە کرد کەکراوە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی رەوشەکەو دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکان و بەدواداچوون و لێپێچینەوە کردن لەسەریان و بەستنی کۆڕو سیمینار لەم رووەوە بەبەشداریکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕانی مافی مرۆڤ000

هەروەها ئاماژەی بە بڕیاری لێبوردنی گشتیدا کە لەم دواییانەدا بەبڕیارێك لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو و ژمارەیەکی باش لە زیندانیەکان سوودیان لێ بینی و گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا تاکو وەکو هاوڵاتیەکی ئاسایی لەمەودوا ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن0

لەبەرامبەردا خاتوو سارەو وەفدە یاوەرەکەی رێکخراوی چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ باسیان لەو راپۆرتە کرد کە لەسەردانەکەی ساڵی رابردوو لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئامادەیان کردبوو کەتیایدا هەندێ مەسەلەی تیا وروژابوو بەتایبەت لەڕووی ئەشکەنجەدانی زیندانیان و چۆنیەتی گوزەران لەبەندیخانەکان و رەوشی پاراستنی مافەکانیان0

هەر لەم دانیشتنەدا وەفدی میوان ئەوەشیان خستە روو کەلەساڵی رابردوو ژمارەیەك خەڵك گیرابوون و ماوەیەکی زۆربوو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکرابوو000

لەهەمان کاتدا رێکخراوەکە دەرکردنی بڕیاری ئەم دواییەی لێبوردنی گشتی بەگرنگ زانی و بەجۆرێك لە پێشکەوتنی وەسفکرد0

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤ بۆ روونکردنەوەی ئەم باسانە رایگەیاند:

کە هەنگاوی چاکنراوە بۆ مەسەلەی دوانەکەوتنی دادگایی کردن ئەویش بەدانانی (دادوەری گشتی) لە بەندیخانەکان و چاودێری کردنی تەواو لەسەر رەوشی مافی زیندانیان و بەبەردەوامی سەردانیکردنی بەشی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی0

خودی وەزیر لەئاماژەیەکی دیکەدا لەمەڕ مەسەلەی ئەشکەنجەدانی زیندانیان و ریگەگرتن لە دیتنی کەسوکاری زیندانیان روونیکردەوە کەلەو راپۆرتانەی دەگاتە وەزارەت هیچ یەکێك لەم بڕگانەی تیا

نەهاتووە و کەسیش سەردانی نەکردوین بەمەبەستی سکالاْکردن کە لەدیوانی وەزارەت بەشی سکالاْ هەیەو لەشارەکانی کوردستان-یش سەندوقی سکلاْمان داناوە لەسەرەوەی کەلەبەندیخانەکان ئەشکەنجە درابێ000 ئەم دیدارە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند0

# هەردوو وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان و عێراق
# جەختیان لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردەوە

لەچوارچێوەی هاریکاریکردنێکی پتەو و دانانی بەرنامەیەکی تێرو تەسەل لەمیانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بەغدا سەر لەبەیانی رۆژی 2007/7/21 بۆ دانانی میکانیزمێکی کارکردن لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لەدیوانی وەزارەت بەڕێز د0شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەبەڕێز (وجدان میخائیل) ی وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی کرد0

لەم دیدارەدا کەزیاتر لەسەعاتێکی خایاند هەردوولا جەختیان لەسەر هاریکاریکردن و گۆڕینەوەی بیروڕاو پسپۆڕانی بوارەکانی مافی مرۆڤ کردەوە کەئەمڕۆ لەم وولاتە بۆتە مەسەلەیەکی گرنگ و هەنووکەیی و جێگای مشتومڕی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوەوەو دەرەوە0

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤی کوردستان بەدرێژی باسی لەو کارو چالاکیانە کرد کە لەماوەی ساڵێکی کارکردن لەم وەزارەتە کراوە بەتایبەت لەڕووی بەردەوامی چاودێری کردنی ڕەوشی بەندیخانەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی هاتوونەتە ئاراوە بەدانانی (داواکاری گشتی) لەبەندیخانەکان کەجاران نەبوو و ببوە هۆی دواکەوتنی دادگایی کردن و
مانەوەیەکی زۆری زیندانیان بەبێ دادگایی کردن 0

هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە لەم دواییانەدا (520) زیندانی سوودیان لەم لێبووردنە گشتییە وەرگرتووە کە لەمانگی تەمموزی ئەم ساڵ دەرچوو0

باسی لەم ڕاپۆرتەش کرد کە ڕێکخراوی چاودێری جیهانی مافەکانی مرۆڤ بلاۆیان کردەوە و دەست نیشانی ئەوەشی کرد کە ئەم ڕاپۆڕتە لەساڵی 2006 ئامادە کراوەو ئاماژە بەدوای ئەم بەروارە نەدراوە کە گۆڕانکاری لەڕەوشەکەدا هەیە لەبەرامبەر داخاتوو وجدان میخائیل وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی ئەم سەردان و لێك نزیك بوونەوەی بەهەنگاوێکی گرنگ وەسفکرد وباسی سەردانەکانی خۆی کرد بۆ بەندیخانەکانی (کرکوك و سلێمانی و سوسێ) و لەم بارەیەوە کۆمەڵێ بیرورا ئاڵو گۆڕکرا ئاماژەشی بەوە دا کە لەگەڵ لێپرسراوانی ئەم بەندیخانانەدا بەدرێژی باسی پیرۆزی مافی مرۆڤی کردووە و داوای کردووە کەدەبێت بەشێوەیەکی ڕێك مافەکانی مرۆڤ لەم شوێنانە بپارێزرێت0

لەلایەکی دیکەوە هەردوو لا باسیان لەدیاردەی ڕەشە کوژی ژنان کردوو د0شوان ڕوونی کردەوە کەئێستاکە لەکوردستان هەنگاوی گرنگ و عەمەلی نراوە بەتایبەت لەنێوان وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و دادو ناوخۆ و ئەوقاف و کارو کاروباری کۆمولأیەتی و هیوای ئەوە هەیە کە ئەم دیار دەیە کەم بێتەوە 0

جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت چارەسەریەك بۆ ئەم منداڵە بچووکانە بدۆزرێتەوە ئێستا لە بەندیخانەکان لەگەڵ دایکیاندا دەژین چونکە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی مرۆڤایەتییە 0

دواجاریش لەسەر ئەوە كۆك بوون كە لێژنەیەكی هاوبەش لەنێوان هەردوو وەزارەت دابنرێ بۆ ئەوەی ڕۆژانە زانیاریەكان بگۆڕدرێنەوە هەردوو لاش بەشداربن لەو خوولە ڕاهێنانانەی كە لە ناوەوەو دەرەوەی وولآت دەكرێتەوە تا بەیەك دەنگ لە هەموو كۆنگرەو سیمینارەكانیش بەشداری بكەن 0

لەم دیدارەدا ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەكانی هەردوولا ئامادەبوون0

- **کۆبوونەوەی لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان**
- **بڕیارە خەستەخانەیەك بۆ خانەوادەی شەهیدان لە کوردستان دروستبکری0**

لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەمەڕ رەشەکوژی ژنان وئافرەتان و دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ ئەم دیاردەیە ئەمرۆ دووەمین کۆبوونەوە بەسەرپەرشتی د0شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ سەرۆکی لێژنەکە لەدیوانی وەزارەت بەرێوەچوو کە تیایدا جگە لە نوێنەری وەزارەتی داد هەریەك لە جورج مەنسور وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و د0جنان قاسم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان و نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ناوخۆ ئامادەیبوون0

لەکۆبوونەوەی ئەمرۆ نوێنەری هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و ناوخۆ دوو راپۆرتی تێروتەسەلیان لەسەر چالاکی کارەکانی خۆیان ئامادەکردبوو و بەپێی ئامارەکانی کە خستیانە بەردەم ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە وادەردەکەوێ کە ئەم دیاردەیە روو لەکەمبوونەوەیە و ئەو ئیجرائاتە یاساییانەو ئەو هەڵمەتە راگەیاندنانەی کە لەمبوارەدا دەکرێت کاریگەری لەسەر ئەم مەسەلەیە هەبووبێت000

هەر لەهەڵمەتی بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە دزێوە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابنرێ بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە دەکرێ دەرهەق بە ژنان0

لەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەش بەرۆڵی پیاوانی ئاینی درا کەلەم ماوەی دواییدا توانیویانە لەرێگای کاری دینداری خۆیانەوە حەقیقەتی ئەم مەسەلەیە باسبکەن کە ئاینی ئیسلام لە کوشتنی ژنان بێبەرییەو تاوانێکە دژی فەرمایشتەکانی خودا دەکرێ0

لەلایەکی دیکەی لەم کۆبوونەوەیەدا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان داوایکرد کە لێژنەیەکی پسپۆر دابنرێ بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی سوتان لەو شوێنەی کە تاوانەکەی لێ ئەنجامەدرێ0

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنیەت-یش رایگەیاند کەلەم دواییانەدا لەگەڵ نوێنەری (84) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژمارەیەك لەدەزگا راگەیاندنەکانی سلێمانی و هەولێر کۆبوونەتەوە و تەوەری سەرەکی لەم کۆبوونەوانەدا کارکردن بوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان000شایانی باسە ئەم کۆبوونەوە دوو سەعاتی خایاند وابڕیارە هەر (3)مانگ جارێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران راپۆرتی ئەم لێژنەیە تاوتوێ بکات و بەدواداچوونی بۆ بکات0

هەر هەمان رۆژ وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیکرد لە (خلف عبدالصمد) سەرۆکی دەزگای شەهیدانی عێراق و وەفدە یاوەرەکەی کەبەسەردانێکی رەسمی گەیشتبوونە کوردستان0لەم دیدارەدا باس لە

ئازارەکانی گەلی عێراق بەگشتی کرا کە لەسایەی حوکمی رژێمی پێشوو چێشتویانە و بەسەدان شەهیدی لەهەموو عێراق لێکەوتۆتەوە000

هەروەها هاریکاری نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و دەزگای شەهیدانی عێراق گفتوگۆی لەسەرکراو وەفدی ناوبراو پێشنیاری ئەوەیانکرد کە دیواربەندێکی شیاو بۆ هەموو شەهیدانی عێراق لەبەغدا دابنرێ کەسیمای پیرۆزی هەموو شەهیدانی کەلانی عێراقی پێوە دیاربێ0

وەفدی ناوبراو ئەوەشیان راگەیاند:

ئێستاکە کار بۆئەوە دەکەن کە یاسایەك بۆ شەهیدانی تیرۆر دابنرێ و دەزگایەکی ئەرشیفسازیش بکرێتەوە بۆ هەموو شەهیدانی کارە تاوانکارییەکان00

لەبەرامبەردا د0شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە کە گەلی کورد بەر لە ساڵی (1986)ەوە خاوەنی دەیان شەهیدەو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق درێغیان بە کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی گەلی کورد نەکردووەو بۆیە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆئەوە دەکات کە ئەنفال بە جینۆسایدی گەلی کورد بەتاونێکی جیهانی بناسرێ و داواشی لە وەفدی میوان کرد کەدەبێ ئێوەش لەسەر ئاستی بەغداو دەوڵەتە عەرەبیەکان و جیهان بۆ ئەم پڕۆژەیە دەوری باش بگێڕن000

وەفدی ناوبراو ئامادەباشی خۆیان نیشاندا کە درێغی نەکەن لەم کارە و ئەم تاوانەشیان بەجینۆساید زانیوە و پێویستە هەموو دونیاش لەمە ئاگاداربکرێتەوە0

شایانی باسە دەزگای شەهیدانی عێراق لەسەرەتای ساڵی 2007 دەستی بەکارەکانی کردووەو لەم سەردانەیاندا پڕۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن-یان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ سوودبەخشین بەخانەوادەی شەهیدانی کوردستان و هەموو عێراق کە دەکرێ لە کوردستان دروستبکرێ و لەجیاتی ئەم خەڵکە رەوانەی دەرەوەی عێراق بکرێ بۆ چارەسەری با بنێردرێنە ئەم نەخۆشخانەیە لە کوردستان0

# له كۆبوونەوەیەكی دوو قۆڵی
# وەزیری مافی مرۆڤ و پارتی سەوزی ئەڵمانی
# دووپاتی پاراستنی مافەكانی مرۆڤ
# كرایەوە

بۆ زیاتر رۆشنایی خستنه سەر ئەمڕۆی رەوشی مافی مرۆڤ له كوردستان و شارەزابوون لەسەر تاوانكارییەكانی دەرهەق بەگەلی كورد كراوه رۆژی 2007/7/25 له دیوانی وەزارەت بەڕێز دكتۆر شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشوازی له خاتوو (كلاودیا رۆث)ی سەرۆكی پارتی سەوز و ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا كرد0

لەپێشدا وەزیری مافی مرۆڤ ئەم سەردانەی سەرۆكی پارتی سەوزی به بەسەركردنەوەیەكی گرنگ وەسفكرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی،ئینجا بەدرێژی باسی له میكانیزمی كارەكانی وەزارەت كرد كه دوای یەكگرتنەوەی هەردوو ئیداره هەنگاوی جیدی نراوه بۆ هەوڵدان بۆ بنیاتنانی رەوشی مافی مرۆڤ و دەرخستنی پێشێلكارییەكان و لێپێچینەوه و بەدواداچوونی0

هەرلەم دیدارەدا باس له كۆمەڵێ مەسەلەی هەنوكەیی كرا كه پەیوەندی راستەوخۆی بەكارەكانی وەزارەتی مافی مرۆڤەوه هەیه لەمانه:

رەشەكوژی ژنان و فرەژنی و باری زیندانیان و تیرۆر و تاوانەكانی هەلەبجه و ئەنفالەكان و دەوری رێكخراوه ناحكومەیەكان000لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو هەولآنه كرد كەئێستا لەئارادایه بۆ كەمكردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئەوەشی راگەیاند كەهەندێجار رەوشه كۆمەلآیەتیەكان و كلتوری میللەتەكەمان و هاتنه كایەی تەكنەلۆژیای تازەی وەك مۆبایل و سەتەلایت دەوری زۆر سەلبی لەم بوارەدا دەگێڕن،ئاماژەشی بەوەدا كه راپۆرتەكەی رێكخراوی جیهانی مافەكانی مرۆڤ كه باسی لێوەكرا راپۆرتێكی كۆنەو دوای ئەم راپۆرته گۆڕانكاری یەكگرتنەوەو كۆمەڵێ كار بۆ نەمانی پێشێلكارییەكان كراوه000

لەتەوەرێكی دیكەی دانیشتنەكەدا باس لەتیرۆر و تاوانەكانی كیمیاباران و ئەنفال كرا كەلایەنی ئەڵمانی ئەم كارەی بەكارێكی دژه مرۆڤی وەسفكرد و كەناكرێ ئەوەنده بەسوك و ئاسانی لەبیربكرێ و دووپاتی پەیوەندی پارتی سەوزی ئەڵمانی-یش كردەوه له هاریكاریكردن لەپێناوی بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی مەدەنی و بنبڕكردنی پێشێلكارییەكانی مافەكانی مرۆڤ0

لەم دیدارەدا هەردوو بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و كاروباری مافی مرۆڤ لەوەزارەت ئامادەبوون0

# نوێنەری حکومەتی ئەمریکا
# لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ کۆبۆوە00

بەمەبەستی ئاگادار بوون لە چۆنیەتی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و گۆڕینەوەی بیروڕاکان لەم رووەوە رۆژی 2007/8/13 بەڕێز د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە (جیس بایلی)نوێنەری حکومەتی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کوردستان و (کیرك لندلی) سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد0

وێڕای بەخێرهاتن و خۆشحاڵی دەربڕین بەم سەردانەیان بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ و تێگەیەشتن لەسەر کارەکانی وەزارەت رایگەیاندن:

وەزارەتی مافی مرۆڤ بەبەردەوامی ئەرکەکانی خۆی رادەپەڕێنێ و چاودێری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات بەتایبەت لەڕووی مافەکانی زیندانیان و رەوشی بەندیخانەکان و دەریخست کە ئێستاکە بارودۆخی بەندیخانەکان روو لەباشیەو لەهەر بەندیخانەیەك (داواکاری گشتی) دانراوە بۆ دوانەکەوتنی مامەڵەی دادگایکردن کە جاران ماوەیەکی زۆر دەمایەوە000

هەرلەم دیدارەدا هەردوولا باسیان لەمەسەلەی تیرۆرزم کرد00لە بەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا لەبەرئەوەی جۆرێك لە ئارامی و ئاسایش لە کوردستان پارێزراوە تاوانەکانی تیرۆر لەچاوبەشەکانی دیکەی عێراق کەمترە،بەلاّم لەهەمان کاتدا لێرە لەپەرلەمانی کوردستان یاسای تیرۆر دەرچووە ئەوانەی ئەم تاوانانە ئەنجامدەدەن بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ0

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لەکێشەی توندوتیژی دژی ژنان کرا کە بەپێی زانیاری وەفدی میوان ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا هەیە لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ روونیکردەوە کە ئێستاکە هەموو دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەگەرمی کار بۆئەوە دەکەن ئەم دیاردەیە کەمبکرێتەوە ئەویش بە قورسکردنی سزای ئەوانەی کە ئەم تاوانە ئەنجامدەدەن کەجاران بەحوکمێکی سووك مامەڵەیان لەگەڵ دەکراو یاسای لێبوردنی گشتی-یش نایانگرێتەوە00

لەلایەیکی دیکەوە دیاردەی منداڵەکانی سەرشەقام خرایە روو و دوای گفتوگۆ کردن لەسەریاو بەڕێزی ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە ئەم دیاردەیە چارەسەرییەکی زۆری دەوێ،بەلاّم ئێمە ئەم پڕۆژەیەمان داوەتە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی کەلایەنی پەیوەندیدارە و دەربارەی راپۆرتەکەی رێکخراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ-یش بەووردی باس لە مەسەلەکان کرا0

وەفدی میوان کێشەی گەندەڵی بەبەشێك لەپێشێلکاری دا قەڵەم لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاندن:

ئەگەر کارێکی گەندەڵی مەلوس لەئارا دابێ بەدواداچوونی بۆ دەکەین000

هەرلەم دانیشتنەدا وەزیری مافی مرۆڤ وێڕای داواکردنی لەوەفدی میوان پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان داواشی کرد کە خولی راهێنان بۆ پۆلیس و ئاسایش و لێکۆڵەرەوەکانی عەدلی بکرێتەوە بۆ زیاتر تێگەیشتنیان لەرەوشی مافی مرۆڤ و بەرەوپێشەوە چوونی رەوشەکە0

# بەياننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# بەبۆنەی کارەساتەکەی
# شەنگال

جارێکی دیکەش ئەو دەستە تاوانبارانەی کە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتین بەبەردەوامی پێشێلکاری دەنوێنن،لەنوێترین کاری تیرۆرستی خۆیان لە 2007/8/14 بەدەیان ژن و منداڵ و گەنج و پیری بێتاوانی (شەنگال)یان تیرۆر کردو بەدەیانی دیکەشیان بریندار کرد و ژمارەیەکی زۆر خانوو و ماڵ و حاڵی هاوڵاتیانیان وێرانکردکە ئەمانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ویژدان و عەقڵیەتی مرۆڤایەتی ناگونجێ و تاوانێکی گەورەی سەردەمە کە هیچ پاساوێك نایگرێتەوە000

ئەو تاوانەی کە ئەمڕۆ لەم شارۆچکەیەدا بەهۆیەوە بەدەیان خێزان لەبەر بێ جێگایی و کاولبونی خانوو و ماڵەکانیان کەوتونەتە سەرشەقام و لەهیچ شوێنێك داڵدە نادرێن00

بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەتوندی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە و ئەو تاوانە نامرۆڤایەتیە مەحکوم دەکات و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و لەهەمان کاتیشدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت مەرکەزی بەغدا دەکات کاری یاسایی دەرهەق بە تاوانکاران بکەن و لەهەمان کاتیشدا هەڵمەتی فریاکەوتنی مرۆیی بگرێتە بەر بۆ بەزوویی چاککردنی تەندروستی بریندارن و باروگوزەرانی لێقەوماوانی دەڤەرەکە، هەروەها داوا لە رێکخراوە فریا گوزارییەکان و رێکخراوی (un) و رێکخراوە جیهانیەکان دەکات هەمان هەڵوێست بنوێنن تا ئەم خەڵکە بێتاوانە لەم ژیانە سەختە بپارێزن0

دووپاتی ئەوەش دەکەینەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی ئەم بەیاننامە ناڕەزاییەی خۆیدا رایدەگەیێنێ کە ئەم تاوانە لەلایەن هەرچی کەس و لایەن و دەوڵەتێکەوە بکرێ و پشتگیری لێبکرێ ئەمە سەرپێچی و پێشێلکردنێکی روونی مافەکانی مرۆڤەو قەت لەگەڵ ویژدان و کردەوەی مرۆڤایەتی سەردەم ناگونجێ و ئەمانە بێبەرین لەهەموو موقەدەساتێکی ئاینی و مرۆیی000

جارێکی تر پرسەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەیێنینە خانەوادەی ئەوانەی بەبێتاوانی بوونە قوربانی دەستی تیرۆر و هیواش دەخوازێ کە هەرچی زووە بریندارەکان چاکبنەوەو بەکەسوکارییان شاد ببنەوە0

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# کۆمەکی وەزارەتی مافی مرۆڤ

# بۆ (( شەنگال )) رەوانە کرا

لەئەنجامی کارەساتە تیرۆرستیەکەی کە دژی کۆمەلآنی خەلکی (شەنگال) کراو بەدەیان شەهید و برینداری لێکەوتەوە و بەدەیان خانەوادە ماڵەکانیان روخێنراو بۆ کەمکردنەوەی کێشەو ئازارەکانیان سەرلەبەیانی رۆژی 2007/8/20 لەسەر داواکاری نووسینگەی کاروباری ئێزیدیان وەزارەتی مافی مرۆڤ کاروانێکی کۆمەك کردنی رەوانەی شارۆچکەی (شەنگال) کرد کە بریتی بوو لە:

150 خێمەو 150 دۆشەك و 150 سێت مەنجەڵ و 150 جانتای ئیسعافات و 150 سۆپاو 450 بەتانی و 150 ژێر خێمە00

لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

داوا لەهەموو لایەنە حکومی و رێکخراوە فریاگوزارییەکان و رێکخراوی (UN) و رێکخراوە بیانیەکانیش دەکەین کە دەستوبرد بکەن بۆ ناردنی کۆمەك و یارمەتی بۆ ئەم خانەوادانەی ئێستاکە لە (شەنگال) بەبێ ماڵ و حاڵ دەژین،چونکە ئەمە بەشێکە لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ0

# کردنەوەی نووسینگەی پۆلیس
# بۆ بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان

لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی لێژنـەی بەدواداچـوونی هۆکارەکانی توندوتیـژی دژی ژنـان کەلـەم دواییانـەدا لـە سەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران دامـەزرا سـەرلەبەیانی رۆژی 2007/8/21 لـە دیـوانی وەزارەتـی مـافی مرۆڤ لێژنەی ناوبراو بەسەرۆکایەتی د0شوان مەحەمەد عزیـز وەزیـری مـافی مرۆڤـی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان و نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بێجگە لـە ئامادەنـەبوونی وەزیـری هـەرێم بـۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبۆوە00

لەم کۆبوونەوەدا نوێنەرانی وەزارەتە ئامادەبووەکان راپۆرتی خۆیـان خوێندەوە،بـەڵام ئـەوەی زیـاتری کـاری ئاماری بەدواداچوونی لەسەر ئەم دیاردەیە کردبوو هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و وەزارەتی ناوخۆ لەهەولێر و سلێمانی بوو،لەم رووەوەش بەتێروتەسەلی وەزارەتی ئەوقاف باسی لـەو بەرنامـە رێژییـە کرد کە لە رێگای خوتبە خوێنەکانی خۆیان لە مزگەوتەکان بـۆ کۆمـەڵانی خـەڵکی روونـدەکەنـەوە کـە ئـەم دیاردەیە لەگەڵ رێبازی پیرۆزی ئاینی ئیسلام ناگونجێ و پێویستە هەموو لایەك دەور بگێڕن بۆ بنبڕکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەم مەبەستەش خولی تایبەت و سیمینار بۆ زانایانی ئاینی کراوەتەوە بۆ باسکردنی رۆڵی ئایین و پیاوانی ئاینی لەم رووەوە کەئەمەش بێشك دەوری کاریگەری خـۆی دەبێـت بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەم توندوتیژییەی کە دژی ژنان بەکاردەهێنرێ0

بەڵام لە راپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسـی هـەولێر و سـلێمانی کـە هـەردوو دەڤـەری گـەرمیان و بادینانیشی لەخۆگرتبوو ئامارێك خرابووە روو کەلەمیانی ئەم مانگەی رابردوو چـەند رووداوی لـەم جـۆرە هاتۆتـە ئـاراوە واشـدەرکەت کـە لـەپارێزگای هـەولێر دیـاردەی توندوتیـژی دژی ژنـان روو لـە کەمبوونەوەیە،لـەپارێزگای سلێمانی و دەڤـەری گـەرمیان-یـش وەك لەراپۆرتەکـەدا هـاتووە کـە دوو مانگـە رێژەکە وەك یەکە،بەڵام لەچاو سەرژمێری دانیشتوانی ئەم دەڤەرە رێژەکە زۆر کەمـە کـە ئـەویش روودانـی کوشتنی (2) ژن و سووتانی (9) ژن بوو00

هـەروەها لـەم کۆبوونەوەیـە جـەخت لەسـەر ئـەوە کرایـەوە کـە دەبێـت (حەسـانە) لەسـەر کـەس نەمێنێت،چونکە لایەنـە چـەکدارییەکان هەنـدێجار ئاستەنگ لـەرێگای یاسایی کارەکان دروست دەکـەن و لایەنی پۆلیس ناتوانن کارەکانیان وەك زەروورییەت بەجێبگەیەنن،00

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسـی هـەولێر و سـلێمانی رایانگەیانـد بـۆ بەدواداچـوونی ئـەم دیاردەیـە هـەنگاوی عەمـەلی نـراوە ئـەویش بەکردنـەوەی مەکتـەبێك لەشارەکاندا بـەناوی (مەکتـەبی بەدواداچـوونی توندوتیـژی دژی ژنـان و ئافرەتـان) کـە ئـەم بەڕێوەبەرایەتیانـە سەرپەرشـتیان دەکـەن تـا لەنزیکەوە بەپیل ئەم رووداوانە بچن و کاری بۆ بکەن،دیارە ئەمەش بەشێکە لەبەرنامەرێژی ئـەم لێژنەیـە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە0

لەکۆتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ راگەیاند و ووتی:

ئەم لیژنەیە دوای ئەوە هات کە ئەم دیاردەیە زۆر بەخێرایی لەکوردستان پەرەی سەندو بووە دیاردەیەکی ترسناك بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤ نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردو لەئەنجامدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوە و بڕیاردرا لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێك بێت،ئەوەبوو ئەم لیژنەیە کەوتە کاری خۆی و ئەمە سێیەمین کۆبوونەوەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیکات و لەئایندەیەکی نزیك راپۆرتی تێروتەسەل کە ئامارێکی گرنگە بۆ ئەم کارانەی کراون بلاّودەکرێتەوە0

# دانانی (دادوەر)ی زیاتر بەزوویی

# چارەنووسی زیندانیان بەدەردێخێ

بەمەبەستی بەدواداچوون و تاوتوێکردنی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان و (یونامی) و رێکخراوە مەدەنیەکان رۆژی 2007/8/26 بەسەرپەرشتی د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی فراوان سازدرا00

لەم کۆبوونەوەیەدا کەژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی ئەم رێکخراوانە ئامادەبوون باس لەسێ تەوەری گرنگ کرا لەمانە،هەڵسەنگاندی راپۆرتەکەی (هیومن رایتس ووچ) و قسەکردن لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکان0

بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاکان لەسەر ئەم راپۆرتە ئاڵوگۆڕکراو ئەوەی زیاتر مەبەست بوو دەبوایە ئەم رێکخراوە بەشێوازێکی (بەڵگەدارە)وە راپۆرتەکەی خۆی بخستایەتە روو و ئاماژەش بەوەدرا کە رێکخەرانی ئەم راپۆرتە باس لەهاوکاریکردنی دەزگاکانی حکومەتی کوردستان دەکەن بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان00

ئەمەش دووپاتکرایەوە کە دروستکردنی بەندیخانەیەکی مۆدێرن و دانانی ژمارەیەکی بەرچاوی (دادوەر)ان کۆمەڵێ گرفت لەم بوارەدا کەمدەکاتەوە0

هەرلەم کۆبوونەوەیەدا باس لەمافەکانی منداڵانی سەرشەقام کراو پێشنیار کرا کە پێویستە کۆبوونەوەیەك لە نێوانی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمێك تا ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە000

لەتەوەرێکی تردا توندوتیژی دژی ژنان تاوتوێکرا لەهەندێ داواکاری فدراسیۆنەکانی ژنانیان کۆڵیەوە دەیانەوێ بێنە ناو ئەم لێژنەیەی کەبەپێشنیاری وەزارەتی مافی مرۆڤ لەئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە بۆ ئەم مەبەستە0

لەلایەنی رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکانیش قسەکی زۆر لەسەر ئەم بارەکراو واخرایە روو کە پێویستە ئەو دیاردە نەگونجاوەی کەلەلایەن هەندێ لەکارمەندانی ئاسایش دێتە ئاراوە بنبڕبکرێ و جۆرێك لەهۆشداری و هۆشیارکردنەوە بدرێتە ئەو کەسانەو ئاماژەش بەوەدرا ئەم جۆرە کارمەندانە بەبەردەوامی لەلایەین ئیدارەی ئاسایش رووبەڕووی لێپێچینەوەو سزادان دەبن0

جارێکی دیکەش لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لەوەکرایەوە کە دەبێ رێگا چارەیەك بۆ ئەو زیندانیانەی بەتاوانی تیرۆر بەر لەدەرچوونی یاسای تیرۆر کەلەپەرلەمانی کوردستان لەمانگی تەموزی 2006 دەرچوو گیراون بدۆزرێتەوە،چونکە ماوەیەکی زۆرە هەندێکیان لە زیندانەکاندان و بەبێ چارەنووس ماونەتەوە و ئەمەش رەچاو کرا کەدەبێت ئەم زیندانیانە پارێزەری تایبەتی خۆیان هەبێت000

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند0

# له كوردستان
# كۆنفرانسی رۆلی زانكۆكان
# لەدروستكردنی ئاشتی دەبەستری

رۆژی 2007/8/30 لەنوسینگەی تایبەتی خۆی بەرێز د0شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشوازی له خاتوو (كارین) لێپرسراوی بەرنامەكانی رێكخراوی N.P.A/ی نەرویژی و سۆران قادر لێپرسراوی ئۆفیسی رێكخراوەكە لەسلێمانی كرد0

لەم دیدارەدا وەفدی میوان كارنامەیەكی رێكخراوەكەیان خستە بەردەم وەزیری مافی مرۆڤ كەبڕیارە لەپایزی 2008 ئەم رێكخراوە دوای ئەوەی بۆماوەی دوو ساڵ رۆلێكی خوێندنی بۆ ژمارەیەك خوێندكاری كوردستانی و عێراقی لەسلێمانی كردەوە دەربارەی ئاشتەوای و زیاتر تەوەرەكانی مافەكانی مرۆڤ و تێگەیشتن له فره كەلتوری و چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكان و مافی مرۆڤ لەگەڵ قەیرانەكانداو لەكاتی پشێویداری تیا خوێندرا كۆنفرانسێكی فراوان بەناوی (رۆلی زانكۆكانی كوردستان و عێراق له دروستكردنی ئاشتی) لەپارێزگای سلێمانی رێكبخات و ئامانجی ئەم كۆنفرانسەش بریتی دەبێ له هاندانی ئەكادیمیەكان و خوێندكاران بۆ دروستكردنی لێكۆلێنەوەو توێژینەوە لەسەر ئاشتی و نەهێشتنی جیاوازی ئەتنیكی و رەگەزی لەم توێژینەوانەدا و هەروەها دیراسەكردنی پێویستیە سەرەتاییەكانی ئاشتی و بەهێزكردنی كۆمەلگای مەدەنی تایبەت بەو رێكخراوانەی كه كاربۆ ئاشتی دەكەن0

خاتوو (كارین)ئەوەشی راگەیاند كە سەرۆك تالەبانی بینیوەو پشتیوانی لەپرۆژەكەی كردووەو ئێستا لەمیانی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و خوێندنی باڵا داوا لەحكومەتی هەرێمی كوردستان دەكات كە هەمان پشتیوانی بكەن،چونكە كۆنفرانسەكە پەیوەندی راستەوخۆی بەپلانی ئەم دوو وەزارەتەوە هەیە00

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دەستخۆشی له كارەكانی ئەم رێكخراوە كردو بڕیاریشیدا كە پرۆژەكە بەووردی دیراسەبكات و لەئایندەیەكی نزیكدا وەلآمیان بداتەوە0

لەم كۆبوونەوەدا بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت ئامادەبوو0

هەر ئەمرۆ له دیوانی وەزارەت بەرێزی پێشوازی له سەرۆكی پەیمانگەی دەولی بۆ پشتگیری كردن لەسەروەری یاسادا كرد كەرێكخراوێكە لەسەر ئاستی دونیادا كاردەكات بۆ خستنەڕووی كاری پاراستنی سەروەری یاساو پێكهاتنەوەی نیشتمانی لەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ بەتێروتەسەلی باسی رەوشی مافی مرۆڤی لەكوردستان كرد و ئاماژەی بەوەدا كەلە (6) مانگی رابردوودا گۆڕانكاری لەڕەوشەكەدا بووەو لێبوردنی گشتی دەرچووە و زیندانی (ئاكرێ) دادەخرێ و باری ئەو زیندانیانە چاكدەكرێ كە حوكمدراون لەبەندیخانەكاندا ئەویش بەدروستكردنی بەندیخانەی مۆدێرن و ستاندار0

لەتەوەرێكی دیكەدا باسی لەو فیلمە كرد كەئەم پەیمانگایە بەرهەمی هێناوە و بەدەستپێشخەرییەكی پڕ لەبایەخی وەسفكرد لەئاشتكردنەوەی گەلان دوای حوكمڕانی دیكتاتۆریەت بۆ سەردەمی دیموكراسیەت0

هەرلەم کۆبوونەوەیەش بڕیاردرا ئـەم فیلمـە لـەناو توێـژەکانی کۆمـەڵ لێبـدرێ و گفتوگۆی لەسـەربکرێ و تاقیکردنــەوەی گــەلان بــەراوود لەگــەڵ کوردســتان لــەم بــوارەدا بــەراوردبکرێ شــایانی باســە ئــەم فیلمــە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی کوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی و بڕیاریـشە لەکەناڵە ئاسمانیـە کوردییـەکان بڵاوبکرێتەوە0

# •بەشی بەندیخانەکان•

## *بەندیخانەی ناوەندی هەولێر*

وەك بەرنامەرێژی مانگانەی خۆیان بەشی بەندیخانەکان لە 2007/7/20 سەردانی بەندیخانەی (ناوەندی هەولێر)ی کردوە و لە ئەنجامی بەدواداچوون و بەسەرکردنەوەکانیان بۆ ئەم بەندیخانەیە بە پێی راپۆرتی ئامادە کراوەیان تێبینی ئەوەکراوە کە لەم بەندیخانەیە بنکەی تەندروستی هەیە، بەڵام تەنها لە کاتی دەوامی رەسمی پزیشك و کارمەندەکانی لێیە...

دیسانەوە کێشەی زۆرمانەوەی بەندکراوەکان و نەناردنیان بۆ دادگا وەکو سکاڵایەکی هەمیشەیی رووبەڕووی کارمەندانی ئەم بەشە بۆتەوە...

بە حوکمدراوەکانی کە بە تاوانی ماددەبێهۆشکەرەکان حوکمدراون وایان خستۆتە روو کە پێشترزۆر لەوان کە بەو ماددە یاساییە گیراون بە (لێبوردنی گشتی) ئازاد کراون و داوا دەکەن کە لێبوردنی گشتی بیانگرێتەوە.

## *بەندیخانەی ئاسایشی گشتی _ هەولێر*

لە راپۆرتەکەدا هاتووە بینای بەندیخانەکە نەگونجاوە و ژمارەیەکی زۆری بەند کراوی لە خۆگرتوە و لەگەڵ قەبارەی هۆڵەکاندا ناگۆنجێت و مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو بەندکراوەکان دەکرێت و تێبینی ئەوەش کراوە کە جۆرێك لە تێکەڵبوون هەیە لە نێویاندا لە رووی تەمەن و کرداری تاوانەکانەوە و وەکو پێویستیش ناتوانن بۆ بەر هەتاو بێنە دەرەوە.

لەم بەندیخانەیە و هەموو بەندیخانەکانی دیکەش وادیارە کە گەورەترین کێشە بە گوێرەی زیندانیان مانەوەی زۆرە و نادرێتە دادگا و ماوەی حوکم و چارەنووسیان نادیارە.

لە رووی (ئەشکەنجە)دان و توندوتیژی دژی بەندکراوەکان هیچ دیاردەیەك و شوێنەوارێکی لەم جۆرەیان نەدیوە و کەسیش لە بەندکراوکان ئاماژەیان پێنەداوە و لە رووی پاکو خاوێنیشەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەندیخانەیە پاك نەدەهاتە بەرچاو و لەم رووەوە گرفتی پێوە دیار بوو.

کێشەیەکی دیکە بەدیکراوە ئەویش گرفتی ئەو بەندکراوانە بوو کەبە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە نین یان عیراقی نین کەسوکارییان ناتوانن سەردانیان بکەن و هەندێکیشان دووچاری کێشەی نەبوونی(کەفیل) بونەتەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە یاساییەکانیان.

## *بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر*

لەم بەندیخانەیەش کێشەی زۆر مانەوەی زیندانیان هەبوە، بەڵام لە رووی بیناسازییەوە گونجاوە و لە رووی خزمەتگوزارییەوە پاکوخاوێنە و توانراوە تا رادەیەکی زۆر مەرجەکانی بەندیخانەیی تیا بەدیبکرێ، بەڵام دوو خاڵی گرنگ هەبوو:

یەکەمیان: لێرەش مانەوەی زۆر بە بێ چارەنووس

دووەمیان: تێکەڵکردنی بەندکراوەکان لە رووی تەمەن و تاوانەوە.

## *بەندیخانەی ئاسایش و زیندانی (کانی گۆمە ) لە سلێمانی*

لە رێگای بەرێوەبەرایەتی ماڧ مرۆڤی سلێمانی-یەوە رۆژی 2007/8/14 بەشی بەندیخانەکان و چاکسازی سەردانی بەندیخانەی ئاسایشی گشتی سلێمانی کردوە و ئەم رۆژە(226) راگیراوی تیدا بوە و تێبینی ئەوەیانکردوە کە بینایەتەکە بچووکە بۆ ئەم ژمارە زۆرە ناگونجێ و زۆری ژمارەی راگیراوەکان و کەمی هۆڵەکان زۆر جار لەیەك هوڵدا 50-60 راگیراو دەژین.

لێرەش کێشەی دواکەوتنی دادگایی یەکێك بوو لە گرفتە سەرەکیەکان، ئەوەی جێگای سەرنجیش بوو ئەو راگیراوە تەمەن (17) ساڵانەیە بوو کە لە رێکەوتی 2007/7/27 ەوە تا بەرواری سەردانەکە واتە (19)رۆژ بوو کە لە ژووری (ئینفرادی) بوو.

هەر لەم بەندیخانەیەدا (10) ژنی تێدا بوو کە بە تاوانی جۆراوجۆری ئەمنی گیرابوون و ئاماژەیان بە دواخستنی دادگاییکردنیان دەدا، لە رووی ئەشکەنجەدانەوە هیچ رووداوێکی لەم جۆرە لە لایەن راگیراوەکان ئاماژەیان پێنەدرا و پاکوخاوێنیش تا رادەیەك پارێزراو بوو و لە خواردنەکە گلەییان نەبوو، بەڵام پێداویستی نوستن و رایەخ وەك پێویست نەبوو تەوالێت و حەمام لە ناو هۆڵەکاندا بوو و پاکوخاوێنی وەك پێویست نەدەهاتە بەرچاو. بنکەی تەندروستی لەم بەندیخانەیە نەبوو، بەڵام کارمەندان ئاماژەیان بەوەداوە کە پزیشکی تایبەت رۆژانە سەردانی بەندیخانەکە دەکات و دواجاریش ئاماژە بەوەکرا کە (توێژەری کۆمەڵایەتی) لەم بەندیخانەیە نیە.

## *زیندانی کانی گۆمه *

ئەو رۆژەی سەردانی بۆ کراوە(145) بەندکراوی تێدا بووە و قەبارەی بینای بەندیخانەکە کاری کردۆتەسەر ناسیستەمی لە دابەشکردنی بەندکراوەکان لە رووی جیاوازی تەمەن و تاوانەکانیان.

لە رووی پێشکەشکردنی کارە خزمەتگوزاری و مرۆییەکان ئاماژە بە هیچ خاڵێکی نێگەتیف نەکراوە و لەوێش هەر کێشەی دواکەوتنی دادگایی کردن کێشەی سەرەکی بوە و لەم بەندیخانەیەش (توێژەری کۆمەلآیەتی) نیە...

## *بەرێوەبەرایەتی چاکسازی پیاوان لە دهۆك *

ئەم بەرێوەبەرایەتیە تازە دروستکراوە و (92) هۆڵی بەندکراوانی تێدایە و مزگەوت و قوتابخانەیەکی شەش پۆلی و (7) وەرشەی کار، بەلآم هیچ ئامێرێکی کارکردنی تا ئێستا بۆ ئامادە نەکراوە و لە رووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەندکراوەکان هەموو پێداویستێکی بە شێوەیەکی نوێکاری تێدایە... بە گشتی رەوشی بەندکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی باش بوو.

## *بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ئاکرێ*

لە کاتی سەرداندا بۆ ئەم بنکەیە (31) گیراو هەبوە و بە بڕیاری دادوەر دەسگیرکراون و هیچ کێشەیەك روو بە روو نەبۆوە، تەنها ئاماژەیان بەوەدا کە دکتۆر بە بەردەوامی لەم بنکەیە نیە.

## *بەندیخانەی گرتن و گواستنەوەی زاخۆ*

ئەم بەندیخانەیە(50-70)بەندکراو لە خۆ دەگرێ و لە رووی پاکوخاوێنی مامناوەندییە، بەلآم داواکاری گشتی بە پێی پێویست سەردانی ئەم بنکەیە ناکات و جێگایەکی تایبەت بۆ مانەوەی گیراوە ژنەکان نیە و زۆربەی ژوورەکانی بەندیخانەکە فێنککەرەوەی(سپلیت)ەکانی لە کار کەوتون.

## *بەندیخانەکانی سنووری شارەزوور*

بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور لەم ماوەی ئەم دوومانگەدا سەردانی بەندیخانەکانی سنوری شارەزووری کردوە..

لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور گۆڕانکاری هەبوە لە گۆڕینی هۆڵی بەندکراوەکان بۆ هۆڵێکی گەورەتر و لە کاتی سەردانەکەشیان (4) راگیراو لەم بەندیخانەیە بوە و هیچ هۆکارێکی کات بەسەر بردنیش لەم بەندیخانەیە نیە.

لە بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی شەهید تەنها ژوورێك هەیە بۆ راگیراوەکان و هیچ هۆکارێکی مرۆیی تێدا نابینرێ و لە سەردانەکەشیاندا هیچ بەندکراوی تیا نەبوو، بەڵام لە بنکەی پۆلیسی سەیدسادق یەك ژوور هەیە بۆ راگیراوان بۆ هەموو جۆرە تاوانێك بە تۆمەت و رەگەز و تەمەن جیاوازەکانەوە و لە مانگی (7) کاتی سەردانی کردن(4) راگیراوی تێدا بوە بەڵام لە مانگی (8) کە جارێکی دیکەش سەردانمان کردەوە تەنها (1) راگیراوی تیدا بوو.

بنکەی پۆلیسی زەرایەن لەگەڵ چەندین دام و دەزگای حکومی تر لەیەك بینایەدا دەوامدەکەن.

## *بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە*

لەم بنکەیەدا سەرەڕای چاکی خزمەتگوزارییەکانی خواردن و مرۆیی، بەڵام هیچ ئامرازێکی راگەیاندن وەك: (تەلەفزیۆن و سەتەلایت و رۆژنامە) لە بەندیخانەکە نیە و تا ئێستاکەش نەتوانراوە ئاوی پاکی خواردنەوە دابینبکرێت بۆ بەندیخانەکە... هەروەها لە ناو بەندیخانەکە کادیری کۆمەڵایەتی نیە... نەبونی (سپلیت) لە ناو ژوورەکاندا کە ئەمەش وایکردوە لە هاوینە نەخۆشی پێست بڵاو ببێتەوە.

## *بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کۆیە*

لە کاتی سەردانیکردندا تەنها (1) بەندکراوی تێدا بوە و لە رووی خزمەتگوزارییە مرۆییەکانەوە هیچ گلەییەك نەبوە و ئاسەواری ئەشکەنجەدان نەبینراوە، بەڵام ئەم شوێنەی کراوەتە بەندیخانە لە رووی تەندروستیەوە شوێنێکی گونجاو نیە... لەم بەندیخانەیەش هیچ ئامرازێکی راگەیاندن نیە و نەبوونی ئامێری فینککەرەوە و جل و بەرگ و پێخەف تایبەت بە بەندییەکان لە ناو بەندیخانەکاندا.

## *بەندیخانەکانی رانیە و قەڵادزە*

بە پێی راپۆرتی نووسینگەی ماڤی مرۆڤ لەم دەڤەرە سەرەڕای ئەوەی بنکەکان بە زوویی لێکۆڵینەوە لەگەڵ راگیراوەکاندا دەکەن و رەوانەی دادگایان دەکەن و لێپرسینەوەی هیچ کەسێك لە هەفتەیەك تێناپەڕێت و رەوانەی بەندیخانەی پارێزگای سلێمانی دەکرێن و هیچ گلەییەکیان لە رەفتاری کارمەندەکان نیە، رەوشی راگیراوەکان خراپە بە تایبەت لە رووی توشبوون بە نەخۆشی و گەرمایەکی زۆر و سەرمایەکی سەخت و نەبوونی خواردن و خواردنەوە و دکتۆر و داودەرمان و هیچ جۆرە ئامێرێکی پێویستی هاوینە و زستان و تێکەڵاو کردنی گیراوەکانی کێشەی خێزانی و شەڕکردن و کوشتن و تریاك لە ناو بەندیخانەکەدا.

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی قەڵادزێ تەنها دالانێکی (1*4) تەنها جێگای دوو کەس دەبێتەوە و جاری وا هەیە (10) کەس تیا دەکەن و بنکەکەش لە ناو باڵەخانەی قەزا دایە.. بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی راپەڕین خانوێکی بە کرێیان گرتوە و حەمامی خانوەکەیان کردۆتە بەندیخانە و رووبەرەکەی (3*1.80)مەتر دەبێت. بنکەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی سنووری قەزای (رانیە و هەڵشۆ و ژاراوە و سەنگەسەر و ئیسیۆ) هەریەکە و گرفتی خۆیان هەیە و ناتوانن بە شێوەیەکی دروست کارەکانی راگیراوەکان جێبەجێبکەن ئەویش بە هۆی نەبوونی شوێنی گونجاوە بۆ بەندیخانەکان.

## *گرتووخانەکانی ئاسایش و پۆلیسی سۆران*

لە گرتووخانەی ئاسایشدا لە کاتی سەردانی نوسینگەی ماڤی مرۆڤ لە سۆران تەنها (3) راگیراوی تێدا بوو، گرفتی سەرەکی لەم شوێنە نەبوونی بینایەی تایبەتە بە بەندیخانە و چەند دوکانێکە کراوەتە بەندیخانە و کردویانە بە (2) ژوور و راگیراوەکانی بنکەی نەهێشتنی تاوان و بنکەی مادە بێهۆشکەرەکان و ئاسایشی ناو شار و بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سۆران-یش رەوانەی ئەم دوو ژوورە دەکەن و هەموو ئەوانەی بە تۆمەتی جیاجیا گیراون لەم شوێنە رادەگیرێن و زۆر جار ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی خراپ بەسەر هەموو لایەکیان... بەڵام لە گرتوخانەی پۆلیسی سۆران کە سەردانی کراوە (6) راگیراوی تێدا بووە بە گشتی رازییبوینە لە هەڵسوکەوتی کارمەندان، تەنها گرفتی نەبوونی رایەخ و کەلوپەلی نوستن نەبێ کە بە نوسراو ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بۆ ئەم مەبەستە کراوەتەوە.

## *بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ*

لەم بەندیخانەیە کە زۆر بچووکە و راگیراوانی (7) ناحیەی تیا بەند دەکرێ و ژووری زیندانیەکان هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نیە و زۆر پیسە و زۆر گەرمە و تەنها (1) موبەریدەی هەیە و رایەخەکانی ژوورەکە زۆر بێکەڵکە و حەمام و تەوالێتەکەی دەرگاکەی لە ژووری حەوانەوەی بەندییەکاندایە و بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و سەرجەم زیندانیەکان سکاڵایان هەیە....

هەروەها شوێنی تایبەت بە راگیراوی ژن نیە، ئەگەر راگیراوێکی ژن بێتە ئەم بنکەیە لە ژووری یەکێ لە کارمەندانی پۆلیس دایدەنێن، بێگۆمان ئەمەش کێشە دروستدەکات.

## *بەندیخانەکانی سنوری گەرمیان*

بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی زیندانیان و بارودۆخی بەندیخانەکان، بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دەڤەری گەرمیان ئەم بنکانەی بەسەر کردۆتەوە و لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی(کەلار) دەرکەوتوە کە گۆڕەپانێکی شیاو نیە بۆ هێنانە دەرەوەی زیندانیەکان ئەمەش وایکردوە بە پێی پێویست هەتاو نەبینن و مەترسی تووشبوونی نەخۆشی پێست بێتە ئاراوە.... هەر لەم بەندیخانەیە جێگایەکی تایبەت بۆ کاتی سەردانی کەس و کاری بەندکراوان نیە کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ کارمەندانی ئەم بنکەیە و زیندانیەکان دروستکردوە کە بە پێی پێویست ناتوانن سوود لەم چاوپێکەوتنانە وەربگرن و کەسوکارییان ببینن...

لەم بەندیخانەیە (3) بەش هەیە و ژمارەیەکی زۆری زیندانی تێدایە، بەڵام وەك لە راپۆرتەکەدا هاتوە لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی (کفری) رەوشی مافەکانی زیندانیان پارێزراوە و لە رووی بینایەت کێشەیان نیە، تەنها کێشە دابینەکردنی خواردنە بۆ زیندانیەکانە لە لایەن بەندیخانەکانەوە ئەمەش زیاتر کێشەی ئەم بەندکراوانەیە کە دانیشتووی ناوچەکانی دەوروبەری (کفری)ن...

لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی (گەرمیان)یش بە پێی راپۆرتەکە مامەڵەی کارمەندان لەگەڵ زیندانیان باشە و خزمەتگوزاری بە پێی پێویست پەیرەو کراوە، بەڵام بینایەی بەندیخانەکە کۆنە و هیچ مواسەفاتێکی تێدا نیە و ئەمەش وایکردوە کە زۆربەی زیندانیەکان تووشی نەخۆشی پێست ببن و بەندیخانەکەش هیچ گۆڕەپانێکی نیەتا رۆژانە زیندانیەکان بچنە دەرەوە بۆ بەرهەتاو...

کێشەیەکی دیکەی ئەم بەندیخانە نەبوونی شوێنی تایبەتە بۆ ژنان و مێرمنداڵان ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردوە بۆ نموونە:

لە دوایین سەردانی نوێنەرانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی دەڤەری گەرمیان بۆ ئەم بەندیخانەیە دەرکەوتوە کە دوو راگیراوی ژن لەبەر ئەوەی شوێنی تایبەت نەبوە بە رۆژ لە ژووری پشوودانی پۆلیسەکان دانراون و بە شەویش خراونەتە پرسگەی بنکەکە...

# *ئاماری بەندیخانەکان *

## بۆ مانگی ( تەمووز 2007 )

| ئاماری ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 259 | 277 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 314 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 115 | 227 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | 25 |

**چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان**

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 9 | 19 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 26 | 22 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 365 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 4 | 7 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 15 | - |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 680 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 647 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 5 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 793 | 2223 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | 3016 | |

**تێبینی:** ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە

# *ئاماری بەندیخانەکان *

## بۆ مانگی ( ئاب 2007 )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 255 | 271 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 288 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 240 | 99 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 31 |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 10 | 21 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 28 | 25 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 341 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 5 | 9 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 15 | 3 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 705 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 726 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 7 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 894 | 2185 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | 3079 |

**تێبینی:** ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە

## •بەشی سکالا•

لە میانی هەر دوو مانگی تەمووز و ئاب (61) سکالا لە لایەن هاووڵاتیانەوە لە شاروشارۆچکەکان چ ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگای سەندوقی سکاڵاکانەوە کەلەم شوێنانە دانراون لە ڕێگای نوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان گەیشتونەتە بەشی سکالا لە دیوانی وەزارەت کە (3) سکالا لەمەڕ خانەشینی-یە و (3) سکالا لەسەر کارکردنە کە یەکێکیان هی کرێکارێکی (ئەسیوپی)یە و (3) سکالا دەربارەی کێشەی خانوە و ژمارەیەکی دیکە سکالای زیندانیان و کێشەی دەسگیرکردن و کێشەی پشکنینی ناو ماڵان لە لایەن ئاسایشەوە و کێشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خێزانی و یاسایی و کوشتن و ئیداری هەمیشە دوای وەرگرتنی ئەم سکالایانە ئەم بەشە بە بەردەوامی بەدواداچوون و لێپێچینەوەی لەسەر ئەم کێشانە کردوە و بە نوسراوی ڕەسمی ئەم لایەنانەی ئاگادار کردۆتەوە و لە هەمانکاتیشدا هاووڵاتیانی سکالاکاریشی لە ئەنجامەکان ئاگادار کردۆتەوە لە ڕێ و شوێنە یاساییەکان.

## •بەشی ئافرەت و منداڵ•

ئەم بەشە بە بەردەوانی لە میانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی لە شاروشارۆچکەکان چالاکی و بەشداریکردن لە و کاروچالاکیانەی کە پەیوەندارن بە سیستەمی کارەکانی ئەوانەوە بەشداریدەکات... چالاکانە لە گفتوگۆ و سیمینار و بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیونیەکانی هەرێمی کوردستان لەمەڕ مەسەلەی کێشەی ژن و منداڵ بەشدار دەبێت و بیروراکانی دەخاتەروو... لە نێوانی هەر دوو مانگی تەمووز و ئاب - دا (16) چالاکی جۆراوجۆری لە ناو شاری هەولێر نواندوە و (14) چالاکی تر کە نوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەم وەزارەتە لە میانی بەشی ئافرەت و منداڵ نواندویانە و هەر هەمووشیان ڕەنگدانەوەی هوشیارکردنەوە و ئاشناکردنی مافەکانی ژن ومنداڵە بە لایەنە بەرپرسەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە...

هەروەها ئەم بەشە بە بەردەوامی سەردانی دادگا و نەخۆشخانە و چاکسازییەکانی ژنان دەکات بۆ وەدەستهێنانی ئاماری کوشتن و سوتان و زیندانی و تەڵاق و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە و دیراسەتکردن لەسەریا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆیان، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەم بەشە ئێستا خەریکە لەگەڵ قونسولیەی بەریتانی لە هەولێر پڕۆژەیەکی گەورە بۆ( بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان) دەستپێبکات کە پرۆژەیەکی هەمە لایەنەیە و چالاکیەکانیش لە لادێکانەوە دەستپێدەکات لە پێناوی بنبڕکردنی ئەم دیاردە ناشارستانیە.

## •بەشی ڕێکخراوەکان•

بەشی ڕێکخراوەکان لە دیوانی وەزارەت زیاتر کاروچالاکیەکانی لەگەڵ ڕێکخراویUN و ڕێکخراوە جیهانیەکان و ناحکومییەکانە و بەشداری کاریگەرانەی لە ئامادەکاری بۆردی راوێژکاری هەیە و لە ماوەی هەر دوو مانگی تەمووز و ئابدا (7) چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە وەك بەشداریکردن لە ورکشۆپ و کۆڕ وکۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی (NDI, DSS, P.A.O , N.P.A) کە هەر هەموویان پەیوەندییان بە ڕەوشی مافی مرۆڤەوە هەبوە و کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ ڕێکخراوی N.P.A گرێدا سەبارەت بە پرۆژەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ کە ڕێکخراوی ناوبراو بە نیازە وەك پرۆژەیەکی گرنگ ئەنجامی بدات. هەروەها بەشی ڕێکخراوەکان هەمیشە بە پەیوەندیدایە لەگەڵ ڕێکخراوی UNIFEM دەربارەی بەو خولەی کە لە وڵاتی ئوردن لە بارەی توندوتیژی دژی ژنان بەڕێوە دەچێ.